# سەركوت خەڵكی هەڵەبجە بێدەنگ ناكات

بۆچی سەركوت ناتوانێت خەڵكی هەڵەبجە بێدەنگ بكات ؟ چونكە خەڵكی هەڵەبجە داواكاریەكانیان بە جۆرێكە ئەگەر وەڵام نەدرێتەوە ئەوا كارەساتێكی گەورەی ئینسانی و كۆمەڵایەتی ڕوودەدات , خەڵكێك ئیتر ناتوانن بێدەنگبن بەرانبەر بێمافی و ناعەدالەتیەك كە دەرهەقیان دەكرێت , خەڵكی هەڵەبجە لە هاویندا گەرمایانەو لە زستاندا سەرمایانە , لە بازاڕ تۆز ئەیانخوات و لەكۆڵان قوڕاو فێری باز بازێنی كردون .
داواكاریەكانی خەڵكی هەڵەبجە هیچ داهێنان و ئیبداعێكی تێدانیە تا وەڵامی دەسەڵاتداران تەبریری عەجیب و غەریب بێت بۆ دوواكەوتن و وەڵام نەدانەوەی , خەڵكێك پێوویستی بە ئاو كارەبا و تەندروستی و خانوو شەقامە بۆ ئەبێت دەسەڵاتداران پێیان وابێت تا خەڵك نەیەنە سەر شەقام و یەخەی حكوومەتەكەیان نەگرن , ئیتر ئەوان نازانن كە پێداوویستی و داواكاریەكانی خەڵك چین , كام بەرپرس كە چوویەوە ماڵەكەی خۆی و ئاویان نەبوو دەڵێت ئاسایە خەڵك هەموو ئاویان نیە , كام وەزیر كە چوویە وەزارەتەكەی و كارەبای نەبوو ئەڵێت قەینا خەڵك هەموو كارەبایان نیە , بە دڵنیایەوە هیچ بەرپرس و دەسەڵاتدارێك ئامادە نیە یەك چركە لە چركەكانی ژیانی بە حەزی خۆی نەگوزەرێ , بەڵام بۆ ئەبێت خەڵكی هەڵەبجە 30 ساڵ پێش ئێستا چۆن ژیابن ئێستاش هەر بەهەمان شێوە تەمەنی خۆیان پاڵ پێوەبنێن .
دەسەڵاتداران 18 ساڵی دوای كیمیاباران و 15 ساڵی دوای دەسەڵاتی خۆیان و 3 ساڵی دوای ڕووخانی بەعس و نەمانی جوند و ئەنسار ئیسلام بەكەم دەزانن بۆ ئەوەی خەڵكی هەڵەبجە بتوانن ئاوی خواردنەوەیان هەبێت , خۆ ئەگەر بۆ ئەم خواستە زۆر گرنگ و گەورەیە بێنە سەر شەقام و داوا بكەن بژین ئەوا چەك گولە , شەق , ئاسایش , زیندان , تیرۆریست , ئاژاوەچی , سێدارە , دادگا ,هتد چاو سوور ئەكاتەوە .
دەسەڵاتداران لە شەڕەكانی ناوخۆیاندا تەنها لە چەند ڕۆژێكدا چەندین جار هەڵەبجەیان لە ڕووی سەربازیەوە داگیر دەكرد و لە دەست یەكتریان دەسەندەوە و كوشتاری بێ وێنەیان ئەنجام دەدا, بەڵام بۆ ئەوەی كەلاوەو خانووە چینكۆكان ببن بە جێگای ژیانی ئینسان دەبێت كوردۆ بدرێتە بەر دەسترێژی گولەو شەوانە دەیانیان ڕا پێچی زیندانەكان بكرێن .
خەڵكی هەڵەبجە كاتێك بێدەنگ نابن و نارەزایەتیەكانیان ناسپێرن بەوەعدەو بەڵێنی دەسەڵاتداران لەوەوە نیە كە سۆپرمان و هەرقلن , بەڵكو بەرئەنجامی واقیعەتی ژیانێكە كە لەلاویەوە تەنها مردن و فەنابوون هەیە .
خەڵكی هەڵەبجە كام ئۆردوگا نەبوویە ماڵیان , كام بەرحوشتر و باینجان ماڵە شڕەو كۆڵەكانیان لێفڕەندا , كام كۆڵان و گەڕەگ موختار و بەعسیەكان بەدوای هەڵەبجەیە دەربازبووەكانی دەستی كیمیاوی و قەتڵ و عاما نەگەڕان , كام ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە هەڵەبجە هەڵەبجەیەكان بەرلەشكری نەبوون و دژی بەعس دەستی ژن و پیاویان بۆ هیتاف كێشان بەرز نەبوو .
ئێستا لەسەر دەمی سەرۆكی حكوومەت و مەلا بەختیارەوە خەڵكی ئەم شارە كە ئەیانەوێت ئۆكسجینیان هەبێت بۆ هەناسە , ئاویان هەبێت بۆ خواردنەوە , ماڵیان هەبێت بۆ حەوانەوە ئەوا تیرۆریستن و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەكەن كە بڕۆنە ماڵەوەو دەست بگرن بە كلاوە شڕەكەی خۆیانەوە .
ناڕەزایەتیەكانی خەڵكی هەڵەبجە , داواكردنی ژیانە ,داواكردنی تیماری برینە تەڕو سارێژ نەبووەكانی 18 ساڵ پێش ئێستایە , داواكاری ئازادی و بەهرەمەند بوونە لە ئاواتێك كە لێیان مەحروم كراوە .
من داوائەكەم لە تەواوی ئینسانە ئازادیخواز و پێشكەووتوخوازەكان , ڕۆشنبیرو نووسەر و قەڵەم بەدەستەكان , ئەوانەی نایانەوێت مناڵانی هەڵەبجە لەناو پاشماوەی كاولكاری و درك و دەوەندا یاری بكەن , ئەوانەی نایانەوێت لاوانی هەڵەبجە ببنە نێچیری دەستی كۆنەپەرستی و كۆماندۆ و لیواكانی تایبەت , ئەوانەی نایانەوێت خەڵكی هەڵەبجە لەوە زیاتر ڕووبەڕوی مەرگەسات و نەهامەتی ژیان ببنەوە بێینە مەیدان و لە دەوری داواكاریەكانی خەڵكی هەڵەبجە كۆببینەوەو , وەڵامێكی شیاو بە هێرشی دەسەڵاتداران بۆ سەر خەڵكی بدەینەوە .

هیدایەت مەلا عەلی